

# گۆڕانکارییەک لە جیهان

ئەیسۆس کە یەکێکە لەکۆمپانیا ناسراوەکانی بواری بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەر و تەبلێت و لاپتۆپ...تاد، لەپێشانگای کامپوتکس ئەوسـاڵدا چەند بەرهەمێکی نوێی بڵاوکردەوە کە دەردەکەوێت گۆڕانکارییەکی نوێی لەجیهانی تەبلێت و نوتی بوکدا کردووە.

نوتی بوکـی جـۆری Transformer book کۆمپیوتەرێکی بەهێزە کە پرۆسیسـەری i7 کۆمپانیای ئەنتەلی لەسـەرە. ویندۆز8 کە دواین ویندۆزی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتە لەو نوتی بوکەدا بەباشـی پشـتیوانی دەکرێت. ئەو تەبلێتە کە بەشـێوەی نوت بوکە، دەکرێ

# ئامێرێک بۆ شەحنکردنەوەی چەندین ئامێر پێکەوە



لەم ڕۆژانەدا پۆرت یان کەلێنی USB لەزۆربەی ئامێرە دیجیتالییەکانی وەك، مۆبایل، کامێرا، تەبلێت هەیە بۆ شـەحنکردنەوەی ئامێرەکان. ئامێری Converge ئەو ئامێرەیە، کە لەیەك کاتدا چوار ئامێر پێکەوە شـەحن دەکاتەوە. تایبەتمەندییەکی ئامێرەکە ئەوەیە کە گشت وایەرەکانی لەناو ئامێرەکەدا حەشـاردراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە قەرەباڵغی وایەرەکان بەهۆی شەحنکردنەوە دروست نەبێت.

ئامێری ناوبراو بەهۆی ئەوەی کە قەبارەکەی بچووکە و شێوەی هەڵگرتنەکەی ئاسانە، دەکرێت وەك ئامێرێکی پۆرتێبڵیش هەڵیبگری، لەو ئامێرەدا چەند شـوێنێکی تایبەتیش هەیە بۆ مۆبایلی جۆری ئایفۆن و تەبلێتی جۆری ئایپاد، کە کەلێنی شـەحنکردنەوەکەیان جیـاوازە لەپۆرتی USB. چەند شوێنێکی دیکەشی بۆ هەندێك مۆبایلی جیاواز تێدایە.

# بە ماوسی ٢٠ دوگمەی لاجتیک، چێژ لە یارییەکان وەربگرە

کۆمپانیای لاجتیك Logitech، ماوسێکی نوێی بەرهەم هێنا بۆ یارییە ئەلکترۆنییەکان، ماوسـەکە لەزنجیرەی ماوسی G500 دێتە ژمار، بەماوسی G600 MMO ناسراوە. لەو ماوسـەدا 20 دوگمە هەیە کە 12 دوگمەیان بۆ پەنجە گەورەی دەسـتی چەپ و ڕاستە. بەکارهێنـەری ماوسـەکە دەتوانێ کارکردنی دوگمەکان بەپێی ویسـتی خـۆی بگۆڕێ، هەروەك لەشاشەیەکدا نیشان دەدرێ کە لەسەر ماوسـەکە هەیە. هەروەها شاشەی ماوسەکە ڕەنگییە و دەکرێت وێنە و فیلمیشـی لەسەر سەیر بکرێت.

لەبەشی سەرەوەی ماوسەکە سێ دوگمەی سـەرەکی هەیـە، دوگمەیەکـی Tilting، گۆیەکی سووڕاندن، و دوگمەیەك بۆ گۆڕینی پرۆفایلەکان. ماوسەکە لەگەڵ دوو پرۆفایلی MMP دایـە، جگە لـەوەش پرۆفایلێکی بۆ گەمەکان لەگەڵ دایە. گشـت دوگمەکانی ماوسـەکە دەکرێ پرۆگرامیان بۆ دابندرێت، هەروەها دەکـرێ پرۆفایلـەکان لەمیمۆری ماوسەکەدا خەزن بکرێن.





ڕەنگە ئەو هەواڵە بۆ خوێنەر جێگای سەرسـوڕمان بێـت، چـۆن دەکرێت لەئاسـماندا پایسـکیل لێبخوڕێـت و پێدانی لێبدرێت، لەراستیدا هەروەك چەند جاری دیکەش ئاماژەم بەوە داوە، لەجیهانی زانستدا هیچ شتێك مەحاڵ نییە و ئەوەی دوێنێ خەون بوو، ئەمڕۆ ڕاستییە..

چەند ساڵێك لەمەوبەر کە هەواڵەکەمان بڵاکـردەوە، ئۆتۆمبێلـی فـڕۆك بەرهەم هـات، کە ئۆتۆمبێلێك بوو لەسـەر زەوی وەك ئۆتۆمبێلی ئاسـایی و وەك فڕۆکەش هەڵدەفڕی. ئەمجارەیـان گروپێك لەچەند



# ـــــی تەبلێت و نۆتی بوکدا

**بلێیـــن لەڕیزی تەنکترین و ڕێکترین تەبلێتەکانی جیهان دەژمێردرێت. شاشـــەی نوت بوکەکە تەواو لەمسییە.**

**بەرهەمی دووەمی کۆمپانیای ئەیســـۆس ئامێری تەبلێت- نوت بوکـــی جۆری Taichiیە، کە لەڕیزی بەرهەمە باشـــەکانی کۆمپانیای ناوبراو دەژمێردرێت. لەو تەبلێت – نوت بوکەدا پێویســـت ناکات کە شاشەکە لەبەشـــی کیبۆردەکە جیا بکرێتەوە. گەر بتهەوێ بیکەی بەتەبلێت شاشـــەکە بۆ لای پشـــتەوە بسوڕێنەوە، دەبێتە تەبلێت. هەروەها خاوەنی دوو شاشەیە، شاشەیەکی 13 ئینجی و شاشەیەکی 11 ئینجی.**

## سکاینەرێکی وایەرلەیس



ســـکاینەر، ئـــەو ئامێرەیە کە دەق و وێنـــە و دوکیۆمێنـــت لەســـەر کاغـــەز دەگوازێتەوە بۆ کۆمپیوتەر و دەیانکات بەدیجیتالی، سکاینەرەکان لەشێوە و قەبارە و تواناکانیاندا جیاوازن، بەڵام هەرچۆنێك بێت کارکردی هەموویـــان یـــەك کارە و ئەویش کردنی لەبەرهەڵگرتنەوەی لەسەرکاغەز و کردنی بەداتای کۆمپیوتەر. سکاینەر بەهۆی وایەرەکەوە لەکۆمپیوتەر پێوەند دەدرێت، بەڵام لەم ڕۆژانەدا ســـکاینەرێك هاتە بەرهەم کە بەشـــێوەی وایەرلەیس ئەرکەکانی ئەنجام دەدات، ســـکاینەری جۆری Workforce DS-30 کە کێشەکەی تەنیا 325 گرامە، سایزی لاپەڕەیەکی A4 سکان دەکات و هیچ چەشنە کێبڵێکیش لەنێوان ئامێرەکە و کۆمپیوتەردا نییـــە، پرۆگرامێکی تایبەت بۆ ڕێککردنی دەق و وێنەکان لەگەڵ ئەو ســـکانەدا هەیە، لەو سکانەدا دەقە سکانکراوەکان دەبن بەفایلی پی دی ئیف و هەروەها دەکرێت دەســـتکاری وێنە سکانکراوەکان بکەی.

## لە ویندۆزفۆن 8دا مۆبایل ئەرکی کۆمپیوتەر ئەنجام دەدات

ویندۆزفـــۆن واتـــە ویـنـــدۆزی تایبـــەت بەمۆبایل، لـــەم هەفتەیـــەدا نوێترین ویندۆز بڵاوکرایـــەوە کـــە بەویندۆزفۆن 8 ناســـراوە، ویندۆزفۆن8 پشتیوانی لە50 زمانی زیندووی جیهان دەکات، بەڵام پێناچێت زمانی کوردی یەکێك بێت لەو زمانانە.

ویـنـــدۆز8ی تایبـــەت بەکۆمپیوتـــەر و ویندۆز8ی تایبەت بە مۆبایلە هۆشمەندەکان، زۆر لەیـــەك نزیکن، هەربۆیە بەرهەمهێنەرانی پرۆگـــرام و یارییە ئەلکترۆنییـــەکان دەتوانن پرۆگرامی هاوبەش لەنێوانیاندا بەرهەم بێنن. هەروەهـــا بەهۆی ئـــەوەی بەهێـــزی کارتی گرافیکی ویندۆزفۆن هەروەها پرۆسیسەرێکی بەهێـــز بۆتـــە هۆی ئـــەوەی کە ســـنوورێك لەنێـــوان ویندۆزفۆن8 و ئامێـــری Xbox دا نەمێنێ. ویندۆزفۆن8 لەئیکســـپلۆرێری 10 ســـوود وەردەگرێت، جگە لـــەوەش لەهەموو پرۆگرامەکانـــی دۆزەرەوەی ســـایتەکان وەك فایرفۆکس و گۆگل کرۆم پشتیوانی دەکات.



پرۆگرامـــی ســـکایپی کە بووە هۆی ئەوەی کێشەیەك بـــۆ کۆمپانیاکانـــی تۆڕی مۆبایـــل لەهەمـــوو جیهاندا پێکبێنێ، چونکە بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە بەبـــێ بەرامبەر لەگـــەڵ هەر سیســـتەمێکی مۆبایل کـــە ئەو پرۆگرامەی لەســـەرە بەخۆڕایی پێوەندی دابمەزرێنی. لەویندۆزفۆن8دا بەباشی ســـوود لەو پرۆگرامە وەردەگیرێت. پێدەچێت بەهۆی ویندۆزفۆن8ـــەوە ئیـــدی سنوورێك لەنێوان کۆمپیوتەر و مۆبایلدا نەمێنێ.

## پایسکیل لێخوڕین لە ئاسماندا



کۆمپانیایەکـــی چیـــك، پایســـکێلێکیان بەرهەم هێناوە کە بۆ بەرزبوونەوە لەزەوی چـــوار پەروانەی هەیە و بڕیار وایە لەو مانگـــەدا تاقیکاری لەســـەر بکرێت. پایســـکیلی FBike. بـــۆ بەرزبوونەوەی لەسەر زەوی لەباتری ســـوود وەردەگرێت، دیزاین و بیرۆکەی ئەم پایسکیلە لەچیرۆکە خەیاڵییەکانی ژۆل ڤێرنی نووسەری گەورە وەرگیراون، پایســـکیلەکە دەتوانێت کێشی 170 کیلـــۆ لەســـەر زەوی هەڵبگرێـــت، مۆتۆرێکـــی 10 کیلۆواتـــی جوڵـــەی پەروانەکانی بەئەستۆیە.



# سایتێک بۆ دۆزینەوەی وێنە و زانیاری لەبارەی وێنەوە



سایتی گوگڵ و یاهوو بینگ و سایتە هاوشێوەکانی ئەوان لەریزی باشترین سایتی دۆزەرەوە لەجیهانی ئەنتەرنێتدا دێنە ژمار، هەرکام لەو سایتانەی ئاماژەمان پێدان تەنیا ئەرکیان دۆزینەوەی وێنە نییە، بگرە دەق و فایل و گرتەی ڤیدیۆیی و ئەوەی مەبەستتە دەیدۆزنەوە، بەڵام سایتی www.tineye.com ئەرکەکەی تەنیا بەدۆزینەوەی وێنە تایبەت کردووە، ئەرکی سایتەکە هەر ئەوە نییە وێنەیەکت بۆ بدۆزێتەوە، بگرە زانیاری ورد سەبارەت بەوێنەکە، وەك هی چساڵێکە، یا لەچ شوێنێك گیراوە، چ کاتێك گیراوە..تاد. دەکرێ وێنەیەك لەسەر کۆمپیوتەرەکەی خۆت ئاپلۆدی سایتەکە بکەی، سایتەکەش لەجیهانی ئەنتەرنێتدا دەگەڕێ و وێنەی هاوشێوەی وێنەی تۆ دەدۆزێتەوە، ئەدرەسی ئەو سایتانەشت پێدەبەخشێ کە وێنەی هاوشێوەی ئەو وێنەیان تێدا بڵاوکراوەتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەو وێنەیە دەستکاریش کرابێت دیسان هەر دەیدۆزێتەوە.

# چەند زانیارییەک بۆ سوود وەرگرتنی زیاتر لە ئینتەرنێت؟



**بەشی سێیەم**

هەروەك لەدوو ژمارەی ڕابردوودا ئاماژەمان بەچەند ئەرك و فەرمانێك کردبوو کە لەنێوان پرۆگرامەکانی دۆزەرەوەی ئینتەرنێتدا هاوبەشن، ئێستاش لەم ژمارەیەدا چەند فەرمانێکی دیکەتان پێدەناسێنین کە بەهۆیەوە کارئاسانێکی زۆر دەکرێت لەکاتی چوونە ناو جیهانی ئینتەرنێتەوە.

Ctrol+0 بەهۆی داگرتنی ئەو دوو دوگمەیە، دەتوانن سایزی فۆنتی سایتەکە چ گەورەت کردبێت یا بچووك، وەك پێشووی حاڵەتی سەرەکی لێدێتەوە.

F11: ئەو سایتەی کردۆتەوە دەیکاتە تەواو لاپەڕە (Full-screen)، بۆ دەرچوون لەم حاڵەتەش هەر دەتوانی بەداگرتنی دوگمەی F11 بگەڕێیەوە بۆ حاڵەتی پێشوو.

Space یا Page down: دەچێتە کۆتایی لاپەڕەی سایتەکە.

Page Up: دەچێتە لاپەڕەی سەرەوەی سایتەکە.

Home: دەچێتە سەرەتای سایتەکە.

End: دەچێتە کۆتایی لاپەڕەکە.

Middle click: واتە دوگمەی گۆی ماوسەکە گەر لەهەر شوێنێك لەسایتدابی، بەهۆی ئەو دوگمەیە دەتوانی بۆ لای خوارو سەر بچی.

# فلاش میمۆرییەک ڤایرۆسەکان لەناو دەبات

گەلێك ئەنتی ڤایرۆس هەن کە ئەرکیان سڕینەوەو لەناوبردنی ڤایرۆس و پرۆگرامی تێکدەرە لەسەر کۆمپیوتەر، بەڵام جار هەیە ڤایرۆسەکان لەچنگ بەهێزترین ئەنتی ڤایرۆسەکانیش دەرباز دەبن. هەتا ڤایرۆسەکان بەهێز بن و زیان ببەخشن، بەرهەم و پرۆگرامی نوێش بەرهەم دێت بۆ لەناوبردنیان، بۆ نموونە فلاش میمۆری جۆری FixMeStick کە دەتوانێت لەیەك کاتدا ئەرکی چەندین ئەنتی ڤایرۆسی بەهێز ئەنجام بدات. هەر ئەوەندە بەسە کە بەکارهێنەرەکە فلاش میمۆرییەکە لەشوێنی خۆی بخات و ئیدی ئۆتۆماتیکی فلاش میمۆرییەکە دەست دەکات بەسڕینەوە و پاککردنەوەی ڤایرۆسی ناو کۆمپیوتەرەکە. ئەو فلاش میمۆرییەکە دەکرێت وەك دکتۆرێکی کۆمپیوتەر هەمیشە لەگەڵت دابێت، فلاش میمۆریەکە لەبری سکانکردنی کۆمپیوتەر، سەرلەنوێ ڕیستۆری دەکاتەوە و کاری ویندۆز دەوستێنێ و تا تەواوکردنی ئەرکەکانی پاشان سەرلەنوێ سیستەم بەگەڕ دەخاتەوە، بەڵام پێچەوانەی ئەنتی ڤایرۆسەکان لەماوەیەکی کەمدا ڤایرۆسەکان ناسڕێتەوە، بەڵکو ئەگەر هاردی کۆمپیوتەرەکە گەورە بێت و فایلی زۆری لەسەر بێت، ڕەنگە چەند کاتژمێرێك بخایەنێ، لەو فلاش میمۆرییەدا سێ ئەنتی ڤایرۆسی بەهێز هەیە، وەك کاسپەرسکای، سۆفۆ و جی ئیف ئای، هەرسێ ئەنتی ڤایرۆسەکە پێکەوە کارەکان ئەنجام دەدەن.



# ئەو زانیارییانەی گرنگە لە wordدا بیزانی



پرۆگرامـــی word کە بەرهەمی ئۆفیســـی مایکروســـۆفتە، لەڕیزی ســـەرکەوتووترین پرۆگرامەکانی تایبەت بەنووسین و تایپکردن دێتە ژمار. ئەگەر تۆ کەسێکی شارەزاش بی لەپرۆگرامی wordدا ڕەنگە وەك پێویست بەهەمـــوو فەرمـــان و ئەرکەکانی پرۆگرامەکە ئاشـــنا نەبی، هەر بۆ ئەم مەبەستە چەند زانیارییەکی نوێتان بۆ باس دەکەین.

• کاتێـــك خەریکی تایپکردنی دەقێکی ئینگلیزی و لەکاتی تایپکردنی وشـــەیەکدا بـــەدوای هاوماناکەی دادەگەڕێی، هەر ئەوەندە بەســـە هێمای ماوسەکە لەلای وشـــەکە دابنێ و دوگمەکانی Shift+F7دابگرە، بەم کارە پێرستێك لەوشە هاوماناکانی ئەو وشەیەت بۆ دێ.

• کاتێك دەقێکت تازە دەستکاری کردووە، وەك گۆڕینی فۆنت، یان گۆڕانکاری لەنووسینەکەدا، کەچـــی نیازت هەیە بگەڕێیتەوە بۆ ســـەر ئەو دەقـــەی کە پێش دەســـتکارییەکە هەبوو، دەتوانی بەداگرتنی دوگمەکانی Shift+f5 بگەڕێیەوە بۆ سەر دەقەکەی کۆنەکە.

• کاتێك نیازت هەیە بەشێك لەدەقێك هەڵبژێری، دەتوانی دوگمەی Alt دابگری و بەماوسەکەش بۆ لای خوارەوە یان ســـەرەوە بیکێشی، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کرداری هەڵبژاردنەکە بەشێوەی خشتەیی جێبەجێ بێت و خێرایی کارکردنەکە زیاتر بێت.

• لەئایکـــۆن یان ویندۆی print preview بەکارهێنەر دەتوانـــێ بەر لەپرێنت کردن، نموونەیەك لەفایلەکەی خۆی ببینێ بۆ ئەوەی کە هەر لەو لاپەڕەیەدا دەســـتکاری بکەی، لەســـەر دوگمەی mangnifier کلیك بکە و ئەوکات دەتوانی دەستکاری دەقەکە بکەی.

# کیبۆردێکی لەمسی ئازار بە پەنجەکانت ناگەیەنێ

کۆمپانیای Minebea ژاپۆنی، کیبۆردێکی تـــەواو لەمســـی بەرهـــەم هێنـــاوە، تایبکردن بەهۆی ئەم کیبۆردە هیچ چەشـــنە ئازارێك و ماندووبوونێك بـــۆ پەنجەکانی بەکارهێنەرەکەی ناهێنـــێ. کیبۆردەکە کە بـــەMinebea cool Leaf keyboard ناسراوە، لەکاتی کوژاندنەوەدا وەك شووشـــەیەکی ڕوون دەچێت، بەڵام کاتێك کە لەکۆمپیوتەر دەخرێت، گشـــت دوگمەکانی وەك کیبۆردێکی ئاســـایی بەشـــێوەی گڵۆپ هەڵدەبن.

خاڵی جێگەی ســـەرنج لەو کیبۆردەدا ئەوەیە کە بەکارهێنەر بە ویســـتی خـــۆی دوگمەکان دادەڕێژێ، بەشـــێوەی ستاندارد 108 دوگمەی هەیە، کە زیاتر بەکارهێنەرانی ژاپۆنی لەم شێوەیە کەڵـــك وەردەگرن، وەك ئاماژە پێدرا بەویســـتی بەکارهێنـــەر دوگمەکان دادەنرێـــن، بۆ نموونە لەکاتی یاریکردندا دەتوانی تەنیا ئەو دوگمانە ئەکتیف و چالاك بکەی کە بۆ ئەم مەبەســـتە بەکار دێن و گڵۆپی دوگمەکانی تر دەکوژێنەوە. هەروەها کیبۆردەکە دەکرێت وەك حاســـیبەیەکی پیشەیی و ئەندازیاری ســـوودی لێوەربگرێت. تایبەتمەندییەکی دیکە لـــەو کیبۆردەدا ئەوەیە کە دەکرێت فۆنتی نیشاندانەکە بەویستی خۆت بگۆڕێ و فۆنتی دیکەشی بۆ دابنێی.





# هـــەر جـــارەو وەڵامـــی پرسیارێك

خوێنەرێکی بەڕێز داوای چارەسەری گرفتێکی دەکات و دەپرسێت، ماوەیەکە کۆمپیوتەرەکەم بەرەو خاوی ڕۆیشتووە و ئەو خێراییەی جارانی نەماوە، پێدەچێت چونکە ئەنتی ڤایرۆسێکی باشم لەسەر دانەناوە تووشی ڤایرۆسێکی زۆر بێت؟

خوێنەری بەڕێـــز ئێمە وامـــان لێهاتووە هەر گرفتێك کە تووشـــی کۆمپیوتەر بێت بۆ بوونی ڤایـــرۆس دەیگەڕێنینـــەوە، ڕاســـتە ڤایـــرۆس کاریگـــەری زۆرە لەســـەر دابەزینـــی خێرایی کۆمپیوتەر، بـــەڵام ئەویش یەکێکە لەهۆکارەکان، چونکـــە دەیان هۆکاری دیکە هـــەن. بۆ چوونە سەری ئاستی خێرایی کۆمپیوتەرەکەت، پێویستە هەر هەفتـــەی جارێك Defragmentی بکە و بۆ ئەوەی کە ئەو فایلانەی ســـڕیونەتەوە و بەڵام شوێنەواریان لەسەر کۆمپیوتەر ماوە، شوێنەواریان نەمێنێ. هەروەها پێویســـتە مـــاوە ماوە scan diskی بکەی. جگە لەوەش پێویســـتە لەکاتی هەڵکردنـــی کۆمپیوتەردا ماوەی چەند خولەکێك ڕاوەستی تاکو سیستەم بەتەواوی جێگیر دەبێت. ئـــەو پرۆگرامانەی زێدەن و شـــوێنێکی زۆریان لەکۆمپیوتەر داگیرکردووە بیانسڕیەوە. چونکە جار هەیە دەیان پرۆگرام لەئینتەرنێت دادەبەزێنی بێ ئەوەی کە پێویستت پێیان بێت. هەوڵبدە گەمەی قـــورس بەکۆمپیوتەر مەکـــە، بەتایبەتی ئەگەر کۆمپیوتەری لاپتۆپ بێت، گەمەی قورس تەنیا لەســـەر سی دی کاری پێبکە، هەرچەندە ئەویش گرفتی هەیە بۆ تێکچوونی ســـی دی ڕایتەر.. فایل و وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی دەبێ لەسەر ئەو درایڤە بن کە سیستەمی ویندۆزیان لەسەر نییە. ئەمانە بەشـــێکن لەچارەسەری خێرایی دابەزینی کۆمپیوتەر، هیوادارم چارەی گرفتەکان بکات.